## ڕەشنووسی دەستووری نوێی تورکیا
## بوارێکی فراوان بۆ ئازادییە کەسییەکان و داخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپا

خەلیل عەبدوڵڵا

لەسەر دوای ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وزیرانی تورکیا لیژنەیەکی یاسایی ڕەشنووسی دەستورێکی نوێی بۆ تورکیا داڕشتووە، بەپێی ئەو ڕەشنووسە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار کەمکراوەتەوە بەوەی کەپۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لێسەندراوەتەوە، هەروەها دەسەڵاتەکانی سوپاش کەمکراوەتەوە بۆئەوەی لەسەر شێوازی دەسەڵاتەکانی سوپا ئەوروپییەکان بێت. ئەوەش لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ئەنکەرەدایە بۆ خێراکردنی هەنگاوەکانی بۆ بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

ئەو بەندانەی کەجێگەی مشتومڕە لەدووتوێی ڕەشنووسی دەستووری نوێدا گۆڕینی شێوازی کارکردن و پێکهاتەی دادگای دەستوورییە، کەژمارەی ئەندامەکانی لە١١ بۆ ١٧ ئەندام زیاددەکرێت، نۆیان پەرلەمان دایاندەمەزرێنێت و هەشتیان سەرۆك کۆمار دایان دەمەزرێنێت.

ئەوەش وادەکات دادگای دەستووری لەڕووی سیاسییەوە زۆر هاوسەنگ بێت، بەپێی دەستووری ئێستای تورکیا سەرۆك کۆمار بەتەنها خۆی هەموو دادوەرییەکانی دادگای دەستووری دادەمەزرێنێت، بەپێی ڕەشنووسەکە پێویستە بەندەکانی بخرێتە گفتوگۆی ئاشکراوە بۆئەوەی لەماوەی مانگێکدا دابڕێژرێتەوە، پرۆژەی ئەم دەستوورە نوێیە بوارێکی فراوان بۆ ئازادییە کەسییەکان دەڕەخسێنێت و شوێنی دەستووری ساڵی ١٩٨٠ دەگرێتەوە کە لەدوای کودەتا سەربازییەکەی کەنعان ئێڤرین دانراوە، هەروەها ئەم پرۆژەیە داخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپا بەجێدەهێنێت و یارمەتی ئەنکەرە دەدات بۆ بوون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا کە لەساڵی ٢٠٠٤ گفتوگۆکانی بۆ ئەو مەبەستە دەستپێکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپارتی عەدالەت و گەشەپێدان بەڕۆژنامەی الشرق الاوسگ-ی ڕاگەیاند کەحزب زۆر هەوڵی بەڕێکردنی ئەم دەستوورە هەموارکراوە دەدات، حزب دەستورێکی ١٠٠% مەدەنی دەوێت کەکاریگەریی کودەتای ئێڤرینی بەسەرەوە نەبێت.

پێشبینی دەکرێت دەستووری نوێی هەموارکراو لەکۆتایی ئەمساڵدا پێشکەش بکرێت بۆئەوەی ڕاپرسی گەلی لەسەر بکرێت. دەستووری نوێ قەوارەکەی بچوکترو داڕشتنەکەی ئاسانترە لەدەستووری١٩٨٠.

لەگەڵ ئەوەی کەڕەشنووسی دەستووری نوێ بەشێکی زۆری ئەو بەندانەی گۆڕیوە کەحزبەکانی تورکیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوایان کردووە، بەڵام یەکێك لەو بەندانەی کەزۆر جێگەی مشتومڕە لەڕەشنووسی دەستوورە هەموارکراوەکەدا ماوەتەوە، ئەویش بەندی ١٥یە کەڕێگە دەگرێت لەداداگایکردنی تێوگلاوانی کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٨٠. ئەوەش لەبەرئەوەیە کەحزبی عەدالەت و گەشەپێدان نایەوێت دەرگای دادگاییکردنی بەرپرسە سەربازییەکانی کودەتای ١٩٨٠ بکاتەوە، چونکە ئەوە کێشەی زۆر بەسەر حکومەتدا دەهێنێت، گۆڕانکارییە پێشنیازکراوەکان لەڕەشنووسی دەستووردا شێوازی کارکردن و ژمارەی ئەندمانی دادگای دەستووری لەتورکیا دەگۆڕێت.

لەدەستووری ئێستادا سەرۆك کۆمار هەموو دادوەرانی دادگای دەستووری دادەمەزرێنێت، بەرپرسێکی پارتی عەدالەت و گەشەپێدان کەناوی خۆی ئاشکرانەکردووە وتی: ئامانج لەو هەمووارکردنە ئازادکردنی دادگای دەستوورییە لەکۆنترۆڵی سەرۆکایەتی، بۆئەوەی دادگاکە نوێنەرایەتی هەموو ڕەوتە سیاسییەکان بکات، چونکە ڕۆڵی ئەو دادگایە حوکمدانە لەنێوان ناکۆکەکاندا لەڕووی سیاسییەوە، هەروەها ئەو ڕەشنوسە نوێیەی دەستوور ڕێگەی بەسەرۆك کۆمار داوە کەمافی حەسانەی بپارێزێت، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لێدەسێنێتەوە کەیەکێکە لەدامەزراوە زۆر گرنگەکانی سیستمی تورکیا، حەوت سەندیکای پیشەیی چوونە پاڵ یەکێتییەکانی کرێکاران و داوایان لەحزبی عەدالەت و گەشەپێدان کردووە کەپرۆسەی نووسینی ڕەشنووسی دەستووری نوێ زۆر شەفاف بێت و ئاماژەیان بەوەکرد کەپێویستە دامەزراوە ناحکومییەکان بەشداری نووسینی دەستوور بکەن، تائێستا حکومەتی تورکیا گۆڕانکاری لەڕەشنووسی دەستوور دەکات، لەدوای خولی دووەمی ئەو گۆڕانکارییانە دەستوورەکە پێشکەش بەگەلی تورکیا، حزبە سیاسییەکان، زانکۆکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ئەهلییەکان دەکرێت بۆ زانینی کاردانەوە بەرامبەر بەو مادانەی کەلابراون یاخود ئەو مادانەی کەزیادکراون.

بەپێی سەرچاوەکانی حکومەتی تورکیا گفتوگۆ لەنێوان هەمو دامەزراوەکانی تورکیادا سێ مانگ دەخایەنێت، لەداوی ئەوەو پێش دارشتنی کۆتایی دەبێت دەولەت گۆرانکارییەکان بخاتە رەشنووسەکەوە، یەکێك لەو مادانەی کەزۆر جێگەی مشتومرەو پێدەچێت لەرەشنووسی دەستووری نوێدا لاببرێت ماددەی ١٠٣ ی دەستووورە کەسوکایەتیکردن بەتورك بەتاوان دادەنێت ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا زۆرجار داوایان لەتورکیا کردووە ئەو مادەیە لاببات کەبۆتە هۆی دادگایکردنی زۆر لەنووسەران و رۆژنامەنووسانی تورکیا لەسالانی رابردوودا لەناویاندا ئۆرهان پامۆك-ی نووسەری تورك کەسالی ٢٠٠٦ خەلاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرت، کەبەتۆمەتی سوکایەتی بەتورك حوکمدرا لەسەر ئەوەی کەوتبووی پێویستە لەسەر ئەنکەرە دان جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێت.
هەروەها نووسەری تورکی- ئەرمەنی هرانك دینك کەسالی رابردوو کوژرا، هەروەها رەشنووسی دەستوورە نوێیەکە ئاماژەی بەوە کردووە کەرێککەوتننامە نێودەولەتییەکان یاخود ئەوروپییەکان کەتورکیا ئیمزای کردوون یاساکانیان بالاتر دەبن لەیاسا ناوخۆییەکانی تورکیا.
سەرچاوە: الشرق الاوست